گـۆڤـاری زانـكـۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(4).Paper10
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠١/١١
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٣/١٣
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٨/٢٩

# گرنگی و بایەخی هەرێمی جەزیرە لە سەرچاوە سریانییەکان لە نێوان سەدەی (3- 6ک / 9-12ز)

زەردەشت دلشاد خضر[1] - حیدەر لشکری خضر[2] - مهدی صالح فرحان[3]
mahdi.farhan@uoz.edu.krd - haidar.lashkry@koyaniversity. - zardasht.dlshad@koyauniversity.org
[1+2]بەشی مێژو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[3]بەشی مێژو، زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی زاخۆ، زاخۆ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە باس لە پێگەو بایەخی هەرێمی جەزیرە لە نێو دەق و نوسراوە سریانییەکان دەکات، بە تیشک خستنەسەر سنوری جوگرافی لە سەرچاوە ئیسلامییەکان و بەراوردکردنی لەگەڵ سەرچاوە سریانییەکان، ئەو ناوە جیاوازانەی لەلایەن مێژونوسانی سریانی لێنراوە، بەگوێرەی هزری مێژونوسانی سریانی، هەروەها سەنگ و قورسایی هەرێمەکە بە تەواوی لە سەرچاوەو تۆماری سریانییەکان ڕەنگی داوەتەوە، هەڵبەت بەشێکی زۆر لە مێژونوسانی سریانی لە هەرێمەکە ژیانیان کردوە، بینەری بەشێکی زۆر لە ڕوداوەکان بون، کە خۆی لە بویەری سیاسی و ئایینی دەبینێتەوە، هەمو ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکە ڕویانداوە، ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی لە ناوچەکە نواندوە.

لە تۆماری مێژونوسانی سریانی بەشی زۆری دانیشتوانی هەرێمەکە سریانن، بۆیە سریانییەکان بە دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە لەقەڵەم دراون، لەپاڵ ئەوەشدا هەرێمەکە وەک بنکەیەکی سەرەکی ئایینی مەسیحی و زمان و کەلتوری سریانییەکان وێنای بۆ کراوە، چوکە بەشی زۆری مێژونوسانی سریانی لە زانایانی ئایینی بون، بەتەواوی نوسینەکانیان بە ئایین ڕەنگرێژکراوە، پتر ڕەوشی ئایینی هەرێمەکە لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی دەخەنەڕو، ئاماژە بە ناوی چەندین کڵێسا و دێری مەسیحییەکان لە هەرێمەکە دەکەن.

**کلیلە وشەکان:** هەرێمی جەیرە، مێژونوسی سریانی، گرنگی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریی.

## پێشەکی

هەرێمی جەزیرە، بە یەکێک لە هەرێمە پڕبایەخ و گرنگەکان هەژمارەکرێت لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی ئیسلامی لە ڕوی سیاسی ئابوری، بەڵام لە کەلتوری سریانی هەرێمەکە زێتر گرنگی ئایینی و کۆمەڵایەتی وەرگرتوە، چونکە لە تۆماری مێژونوسانی سریانی هەرێمی جەزیرە وەک مەڵبەندی سەرەکی ئایینی مەسیحی وێنایی بۆ کراوە، هەروەها سریانییەکان وەک دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە لە نێو دەق و تۆماری مێژونوسانی سریانی ناویان هاتوە، ئەمەش پێگەیەکی بەرزی لە ڕوی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری بە هەرێمەکە لە سەرچاوە سریانییەکان داوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە، بۆ گرنگی هەرێمی جەزیرە لە تۆماری مێژونوسانی سریانیدا، هەوڵدراوە گرنگی و بایەخی هەرێمی جەزیرە لە تێگەی مێژونوسانی سریانی بخرێتەڕو، لەوانەش سنوری جوگرافی و پێکهاتەی کۆمەڵگای هەرێمەکە کە زیاتر خۆی لە خستنەڕوی دانیشتوانی سریانە لە دیدی مێژونوسانی سریانی، هەروەها پێگەی هەرێمەکە لە ڕوی ئایینیەوە، لە دەق و تۆمارەکانیان بەڕونی دەردەکەوێت، چونکە بڵاوبونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەکە بۆ سەردەمانێکی زو دەگەڕێتەوە، بۆیە سریانییەکان خۆیان وەک دانیشتوانی بنەڕەتی و خاوەن خاک ناساندوە، چونکە ئایین و کۆمەڵگا دو دەستەواژەی تەواوکەری یەکن.

**هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە:** بۆ گرنگی هەرێمی جەزیرە لە فەرهەنگی سریانی دەگەڕێتەوە، ئەگەر دەڤەرەکە لە سەرچاوە ئیسلامییەکان وەک سەرچاوەی داهات و خێرو بەر بۆ ناوەند هەژمارکرابێت، هەروەها وەک ناوچەیەک بۆ بونی بزوتنەوە پەڕگیرو دژەناوەند ناوی هێنرابێت، ئەوا لە سەرچاوە سریانییەکان جیاوازتر وێنای بۆکراوە، بە شێوەیەک وەک مەڵبەند و چەقی پێکهاتەی سریانەکان لە بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای فورات لە کەلتوری سریانی ئاماژەی بۆکراوە.

ئەم پێگە گرنگەی هەرێمەکە تەنیا لە نێو سەرچاوەی جوگرافیناس و وڵاتناسانی ئیسلامی ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکو ئەم بایەخ و گرنگیە جێکەوتەی پتری لە تۆماری دیرۆکنوسانی سریانی نواندوە، لە خەیاڵدانی مێژونوسانی سریانی کە زیاتر ئایینیانەیە بەتەواوی ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی مێژویی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی نوسینی توێژینەوە، سروشتی میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وای خواستوە، میتۆدی جیاوازی وەک میتۆدی بەراوردکاری و شیکاری لەخۆبگرێت، بۆ بەراوردکردنی سنوری جوگرافی و ناونانی هەرێمی جەزیرە لە نێوان سەرچاوەی وڵاتناسانی ئیسلامی و تۆماری مێژونوسانی سریانی میتۆدی بەراوردکاری گیراوەتەبەر، بۆ دەرخستنی ئەو شێواز و

جیاوازیانەی لە نێوان دو بینینی جیا لە هەمبەر هەرێمەکە هەیە، کە ئەوانیش دیدی مێژونوسانی سریانی و وڵاتناس و دیرۆکنوسانی ئیسلامییە، تایبەت بە میتۆدی شیکاری، بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی نوسراو دەقەکانی مێژونوسانی سریانی گیراوەتەبەر، کە ئامانج لێی خوێندنەوە و دەرخستنی دیوی دوەمی دەقە تۆمارکراوەکانە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەپێی ڕێبازی مێژویی لە دو تەوەرە و ئەنجام پێکدێت، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی (هەرێمی جەزیرە لە تۆماری مێژونوسانی سریانیدا)، تایبەتە دیاریکردنی سنوری جوگرافی و ناوی هەرێمەکە لە سەرچاوە سریانییەکان، لەپاڵ تۆماری مێژونوسانی سریانی کەڵک لە سەرچاوەی شارناسانی ئیسلامی وەرگیراوە. تەوەرەی دوەم لەژێر ناونیشانی (هۆکارەکانی گرنگی و بایەخی هەرێمی جەزیرە لە تۆماری مێژونوسانی سریانیدا)، تێیدا تیشک خراوەتەسەر دیارترین ئەو هۆکار و کاریگەریانەی هەرێمی جەزیرە، کە بوەتە جێگەی گرنگی پێدانی مێژونوسانی سریانی، لەوانەش پێگەی پیرۆزی ئایینی و بنیاتی کۆمەڵایەتی و بنکەی کەلتوری سریانییەکان.

گرنگترین ئەو سەرچاوە سریانیانەی وەک کۆڵەگەی توێژینەوەکە پشتمان پێیان بەستوە ئەمانەن، رحلات بطریرک دیونیسیوس تلمحری، دیونیسیوس تلمحری (845ز/ 231ك)، هەروەها هەردو (پەرتوکی التاریخ ایلیا برشینایا) و (مجالس مارایلیا برشینایا،)ی ایلیا برشینایا (1046ز/437ك)، لەگەڵ بەکارهێنانی کتێبی (تاریخ مارمیخائیل السریانی)ی مارمیخائیل السریانی (1199ز/ 596ك)، هەروەها کتێبی (تاریخ الرهاوی المجهول)ی الرهاوی الجهول (1234ز/ 632ك).

## تەوەری یەکەم: هەرێمی جەزیرە لە تۆماری مێژونوسانی سریانیدا:

بەشی زۆری وڵاتناس و مێژونوسان، هەمو ئەو ناوچانەی دەکەونە نێوان دیجلەو فوراتەوە بە جەزیرە ناوبردوە، (ابن عبد ربه، 1983، 7/ 279؛ ابن حوقل، 1938: 20؛ یاقوت الحموي، 1977: 2/ 134)، ئەم دو ڕوبارە دەبنە سنوری سروشتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەرێمەکە، هەرچەندە هەندێک شارو دەڤەر هەبون دەکەوتنە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە یان ڕۆژئاوای فوراتەوە کەچی لەڕوی ڕێڤەبەریەوە هەر سەر بە جەزیرەبون (توفیق، 2013: 37). لە لای باکوری میافارقین[1] بەرە و ڕۆژئاوای ڕوباری فورات تا نزیک مەلاتیە[2] واتە هاوسنوری ئەرمینیا و وڵاتی ڕۆم بو، لە باشورەوە دادەکشا تا قەڵای تکریت[3] لەسەر دیجلە و باژێری هیت[4] لەسەر فورات و هێڵی نێوان تکریت – هیت دەبوە سنوری نێوان جەزیرەو عێراق. (ابن الفقیه، 1885: 138؛ الحارثي، 2007: 138؛ توفیق، 2013: 37).

ئەگەرچی جوگرافیناس و مێژونوسانی ئیسلامی سنوری هەرێمەکەیان دیاریکردوە، بەڵام ئەو جۆرە سنوردانان و دیاریکردنە لە پەرتوکی مێژونوسانی سریانی بەو شێوەیە بەردەست نییە، چونکە نوسینەکانیان بەتایبەتی لە ناوهێنانی ناوچەکە، جۆرێکە لە نیشاندانی پێکهاتەی ڕەسەنی ناوچەکە وەک دەبینین دیونیسیوس تلمحری(845ز/ 231ك) سنوری هەرێمەکە بەو شێوەیە دەستنیشان دەکات و دەڵێ، دانیشتوانی ڕۆژئاوای فورات سریانن لە بنەڕتدا، بە سوری ناودەبرێن، ئەوان بە زمانی ئارامی دەدوێن لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی فورات لەو ناوچانەی لەسەر دەریا درێژدەبێتەوە تا فارس" (2014، 124). هەندێکجار لەگەڵ ناوهێنانی جەزیرە ناوی شارەکانی سنورەکەش لە تۆمارەکانیان هاتوە، وەک دەڵێ (تەواوی نەوەکانی جەزیرەو نەوەکانی ڕۆژئاوا لە شاری سروج[5] کۆبونەوە) (2008، 116)، لێرەدا دەردەکەوێت مێژونوس جەزیرەی جیاکردوەتەوە لە بەشی ڕۆژئاواو شاری سروج، کە بەگوێرەی تۆماری وڵاتناسانی ئیسلامی هەمو ئەو شوێنانە دەکەونە سنوری جوگرافی هەرێمی جەزیرە وەک لە پێشوتردا ئاماژەمان بۆکرد.

هەرێمەکە بەپێی ئەو دابەشکردنەی لە کەلتوری وڵاتناسی ئیسلامیدا هەیە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە، دیار ڕەبیعە کە مەڵبەندەکەی شاری موسل بوە، دیاربەکر کە مەڵبەندەکەی شاری ئامەد[6] بوە، دیارموزڕ کە مەڵبەندەکەی شاری ڕەقە بوە (القزويني، د.ت، 351؛ حسين، 2020، 88) هەڵبەت ئەو ناولێنانە لەسەر بنەمای ناوی ئەو خێڵانە بو کە لە سەردەمانی بەر لەهاتنی ئیسلام لەو ناوچانە بنەو بارگەیان دانابو (المقدسي، 1991، 137)، کەچی ئەو دابەشکاریە بەبێ دیاریکردنی سنوری هەرێمەکە لە فەرهەنگی سریانیەکان بەشێوازێکی ترە، دیرۆکنوسانی سریانی بۆ ئەو دابەشکارییە دەستەواژەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایان بەکارهێناوە (مارميخائيل السرياني، 1996، 3/ 288)، بەکارهێنانی پەیڤی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش لە خۆڕانەبو، بەڵکو تەواوی ئەو ناوچانەی هەڵکەوتەی بەشی ڕۆژهەڵاتی فورات بون لە ڕوی شێوە زمان و نوسین و مەزهەبی ئایینی لە بەشی ڕۆژئاوای جیاوازبون (افرام، 2002، 50). واتە دابەشکردنێکی ئایینی- کولتوری بو.

سەبارەت بە ناوی هەرێمەکە، ئەگەرچی زیاتر بە جەزیرە ناسراوە وەک لە پێشوتردا ئاماژەمان بۆکرد، بەڵام لەپاڵ ئەو ناوە زۆرجار بە جەزیرەی فوراتی ناودەبرێت، دیارە ئەوەش بە هۆی ئەوەی ڕوباری فورات بە ڕوبەرێکی فراوانی هەرێمەکە بڵاودەبوەو ئاویدەدا تەنیا بە شێکی بچوکی نەبێت (محمد، 1989، 34)، هەروەها دەبینین مەقدەسی (380ک/990ز) جوگرافیناس بە (اقليم أقور) ناویبردوە (1991، 136)، لەگەڵ ئەوەشدا بە (أرام النهراين)یش ناسراوە، بە مانای ئارامی دو ڕوبار دێت، بەڵام دڵنیایی نییە لەوەی لە تەوراتدا هاتوە ئایا مەبەستی نێوان دیجلەو فوراتە، بەڵکو ڕوباری فوڕات و خاپور یان ڕوباری خابور و بليخ (باقر، 1973، 1/ 11).

هەرچۆنێک بێ هەرێمی جەزیرە گرنگی و بایەخی هەمەلایەنەی بۆ سریانییەکان هەیە، ئەم گرنگییەش لە تۆمارەکانیان ڕەنگدانەوەی زۆری پێوەدیارە، ئەمەش وایکردوە بەشێوەیەکی بەرچاو لە نوسینەکانیان ناوی هەرێمەکە بە چەند شێوازێک بێت، لەوانەش، بە ئاشور ناویهێنراوە (مارميخائيل السرياني، 1996، 160، 226، 298؛ الرهاوي المجهول، 1986، 2/ 155، 220)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەستەواژەی جەزیرەیان لە نوسینەکانیان بۆ ئەو ناوچەیە زۆر بەکارهێناوە (ديونيسيوس التلمحري، 2014، 48، 64، 108؛ مارميخائيل السرياني، 1996، 302، 310؛ الرهاوي المجهول، 1986، 2/ 25، 240-241). هەروەها بە (خاکی جەزیرە، وڵاتی جەزیرە) بەیانیان کردوە (ديونيسيوس التلمحري، 2008، 49).

ئەوا لە دیاریکردنی سنوری هەرێمەکە و ناوهێنانی وردنین هاوشێوەی مێژونوس و وڵاتناسانی ئیسلامی، ڕەنگە هۆکاری ئەم شێوازە دەربڕین و باسکردنەی هەرێمی جەزیرە لای ئەوان زیاتر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەشێکی زۆری مێژونوسانی سریانی لە زانایانی ئایینی بون (دوسلييە، 2014، 41)، بۆیە وەک پیشە ئەو مێژوەیان تۆمارنەکردوە، بەڵکو زیاتر پەرتوکەکانیان بۆ کاروباری ئایینی و ئەو ڕوداوانەی لە شوێنە ئایینیەکان ڕویانداوە تەرخانکردوە، هەروەها بایەخێکی زۆریان بەو گۆڕانکارییە سیاسیی سەربازییانە داوە کە لە هەرێمی جەزیرە ڕویان داوە، بەتایبەتیش ئەو ڕوداوانەی پەیوەستن بە پێکهاتەی سریانییەکان، بۆیە نوسینەکانیان زیاتر وێناکردنی ڕەوشی ئایینی و سیاسی پەیوەست بە بارودۆخی سریانییەکانی ناوچەکەبو، نەک دیاریکردنی سنورو ئەو شارانەی لە چوارچێوەی هەرێمەکەدا بون.

گومان لەوەدا نییە نوسینەوەی مێژو لای موسڵمانان تەواو وەک پیشەیەکی تایبەتی لێهات بە تێپەڕبونی کات، بەتایبەتی دوای دروستبونی خیلافەی ئیسلامی فراوانبونی سنوری دەسەڵاتداریەتی بۆیە کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز بە تایبەتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وایکرد کەسانی پسپۆر لە بوارە جیاجیاکانی نوسینەوەی مێژوی دروست بن، لەوانەش بایەخیان بە مێژوی ناوچەی و شارەکان دەدا (العزاوي، د.ت، 39).

سیستەمی دابەشکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بەسەر چەند هەرێمێکدا و هەرێمەکانیش بەسەر چەند کورە- پارێزگا و وڵاتێکدا، زێدەتر لەڕۆژگاری و بەهێزی خیلافەی ئیسلامی و باڵادەستی ناوەند پەیڕەودەکرا، ئەمەش لە پێناو ئاسانکاری و دروست ڕاپەڕاندنی ئەرک و فرمانەکان بو (تۆفيق، 2013، 32)، ئەو دابەشکارییە ناوچەیی و هەرێمیانە لە تۆماری مێژونوسانی موسڵمانان خۆی نواندوە، بەو شێوەیەش مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد، کەچی ئەو دابەشکاری و جیاکردنەوەی سنورەکان بەتایبەتیش هەرێمی جەزیرە لە تۆماری سریانییەکان بەو شێوە ورد و دیاریکراو نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە مێژونوسین لەلایان لە سنوری تۆمارکردن ماوەتەوە هەمان ئەو پەرەسەندنەی بەخۆوە نەبینیوە کە لەلایەن مێژونوسانی موسڵمان

بەدیدەکرا، بەڵام ئەوە لە بایەخ و گرنگی هەرێمەکە لە دیدی مێژونوسانی سریانی کەم ناکاتەوە، بەو پێیەی هەرێمەکە لەڕوانگەی ئایینی و کۆمەڵایەتی پێگەیەکی گەورەی لای سریانییەکان هەبوە، ئەوەش بە تەواوی لە تۆمارەکانیان بەرچاودەکەوێت،(دیونیسوس تلمحری، 2014، 63، 124).

## تەوەرەی دوەم: هۆکارەکانی گرنگی و بایەخی هەرێمی جەزیرە لە تۆماری مێژونوسانی سریانیدا

### أ- لەڕوی ئایینییەوە:

ئایینی مەسیحی لەسەرەتای سەهەڵدانیەوە هەروا بەئاسانی لەلایەن ڕۆمانەکانەوە ڕێگە بە بڵاوبونەوەی نەدراوە، بەڵکو ئایینەکە ڕوبەڕوی توندوتیژی زۆربۆتەوە، تا ساڵی (313ز) ئەوەبو لەو ساڵەدا قوستەنتین[7] بەشێوەیەکی فەرمی دانینا بە ئایینەکە، توندوتیژی دژی مەسیحییەکان لەلایەن ساسانییەکان (224–_ 632ز) لە ڕۆژهەڵات زیاتربو لە سەدەکانی سێ و چوار و پێنج، پیاوانی ئایینی زەردەشتی و، جولەکەکان ڕۆڵیان هەبو لە هاندانی دەسەڵاتدارانی ساسانی تا مەسیحییەکان بچەوسێننەوە تەنانەت خودی جولەکەکان مەسیحییەکانیان دەکوشت، هەروەها ساسانییەکان مەسیحییەکانیان بە مەترسی دادەنا لە ناوچەکە، بۆ سەر بیروباوەڕو زمانی فارسی(ابونا، 2007، 1/ 21،25؛ طعمة،2019، 17).

مەسیحیەکان لە سەرەتادا زۆر پەیوەست بون بە ئایینەکەیانەوە، بۆیە توشی تەنگ و چەڵەمەی زۆر هاتن، لەم ڕوەوە ڕوبەڕوی ئەشکەنجەدان مردن بونەوە، (حبی،2001، 36)، بەتایبەتی کە ئەم توندوتیژیانە کە مەسیحییەکان دوچاری بون، یەکەم لە بەری ڕۆژهەڵات ڕۆمانییەکان و دوەم فارسە ساسانییەکان، بۆیە نوسراوی سریانییەکان لەبارەی ئەو ستەمەی لێیانکراوە لە وڵاتی نێوان دو ڕوبار دەدوێن (ایلیا برشینایا، 1975: 88)، ئەگەرچی کۆی گشتی نوسراوەکان زۆرنین، بەڵکو کەمن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باس لەو زوڵم وستەم و شەهیدەکان دەکەن بەتایبەتی لە شاری ڕوها لە سەردەمە جیاوازەکان (دوفال،1992، 133–134؛ PAYNE,2014, 59-63).

شەهیدبونی ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحییە یەکەمینەکان، بەشێک لە گەورە زانایانی ئایینی، لە ناوچە جیاوازەکان بەتایبەتیش شاری ڕوها وەک مەڵبەندێکی سەرەکی ئایینی مەسیحی (مارمیخائیل السریانی، 1996: 3/ 382 ابونا،د.ت، 6،7)، هۆکاربوە، کە ئەم شارە بە بنکەیەکی سەرەتای بڵاوبونەوەی ئایینەکە دابنرێت، پێگەیەکی گەورەی ئایینی لای مەسیحییەکان هەبێت (دیونیسیو تلمحری، 2014: 124؛ ابن الأثیر،د.ت: 67–، 68)، سەرەڕای ئەوەی ئەم شارە پێگەیەکی گرنگی هەبوە لە ئەدەبیاتی سریانی لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژو لە زۆربەی سەرچاوە و نوسراوە سریانییەکان ئاماژەی بۆ کراوە (Weltecke,2010:103)، ئەوەی زیاتر پایەی شارەکە لە دیدی مەسیحییەکان بەرزتر دەکات، بونی مەندیلی

مەسیح و ئارامگەی زۆری شەهیدەکانە لەو شارە، (الجنزوری،2001: 30،31)، هەریەک لە شربل و بابای و بارسمیا(ت 360م) لە دیارترین ئەو شەهیدانەن گیانی خۆیان بۆ ئەو ئایینە بەختکردوە، کە لە پێشوتردا لەسەرئایینی بتپەرستی بون (سیغال، 2000: 101،-103؛ بیغولیفسکایا، 2017: 311).

بۆیە ئەم ئازارو ناخۆشیانەی بەسەر مەسیحییەکانی ئەو ناوچەیەدا هاتوە، بوەتە هەوێنی نوسینی مێژونوسانی سریانی کە بەشی زۆریان لە پیاوانی ئایینی بون، ئەمەش کاریگەری لەسەر تێگەی دیرۆکنوسانیان دانا، (برصوم،1940، 1/147-149)، چونکە زۆرجار پەرتوکیان بەناوی شەهیدە پیرۆزەکان دەنوسی، ئاماژەیان پێدەکردن، (أیلیا برشینایا، 1975: 65-69) ڕێزی زۆریان لە مەزار و پێگەی ئەو شەهیدانە دەگرت، هەربۆیە بەشی زۆری نوسینەکانیان بۆ کەسێتی ئەوان و کارە نائاسایەکانیان تەرخاندەکرد (حبي،2001 ،36-37).

ئەو مێژوە کۆنەی ئایینەکەو تێپەڕبونی بە قۆناغە جیاجیاکانی، لە تۆماری سریانییەکان خۆی نواندوە، بە تەواوی لە هزری مێژونوسانیان ڕەگی داکوتاوە، هەڵبەت هەر ئەوەشە وایکردوە، گەڕان بەدوای قۆناغی چەوسانەوە و سەربوردەی وربانییەکان بۆتە خەسڵەتێکی بنەڕەتی مێژونوسی سریانی. نەک لە سەردەمی کۆن، بەڵکو لە دواتریش دەبینین ئەم خەسڵەتە هەر ماوەتەوە و بەردەوام مێژونوسان بەدوای زیادکردنی زانیارین لە بارەی ئەم وربانیانە تەنانەت جەختکردنەوە لەسەر گێڕانەوەی ئەو حەکایەتانەش کە درەنگتر لە بارەیانەوە دروست بوە، بۆیە کتێب و سەرچاوە سریانییەکان بەگشتی لە بۆتەی ئایینیدا خۆیان نیشاندەدەن (دوفال، 1992، 229).

ڕوکاری ئایینی لە باسکردنی ناوچە و شارە جیاوازەکانی هەرێمی جەزیرە لە تۆماری مێژونوسانی سریانی پێویستی بە وردبونەوە نییە، بەڵکو زۆر بە سانایی دێتە پێش دیدەی خوێنەر، دیارە ئەمەش بە هۆی گرنگی پێگەی ئایینی ناوچەکەیە لە هزرو بیری نوسەرانیان بەگوێرەی سەردەمە جیاوازەکان، دیونیسیوس تلمحری لە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ساڵی (1146یۆنانی) بەرامبەر بە (835 ز-219ک) دەڵێ "لەو ساڵەدا موسڵمانانی حەران [8] شەڕیان لە دژی مەسیحییەکان بەرپاکرد، لە بەرەبەیانی جەژنی قیامە، کەنیسەی مارجرجیس و مارحودامەو شوێنە نوێکانیان تێکدا..." (2014، 95)، هەروەها ڕەهاوی نادیار ئاماژە بە تێکدانی گۆڕو شوێنە پیرۆزەکانیان لەلایەن موسڵمانانەوە لە شاری ڕوها دەکات، ئەمەش دوای گرتنی شارەکە لەلایەن ئەتابەگ عمادەدین زەنگی[9] دەڵێ "لاشە پیرۆزەکانی ماردای ڕەسول و پاشا ئەبگەر لە پەیکەربون لە ناوسندوقێکی زیوی بە زێڕ ڕوپۆشکراو، لەگەڵ داگیرکردنەکە سندوقەکەیان برد و هێسکەکانیان پەرش و بڵاوبوەوە، باوەڕداران لەگەڵ کەلوپەلی زۆری پیرۆزەکان کۆیانکردنەوە، هێنایان لە بەشی باکوری کڵێسای سریانی ناسراو بە کڵێسای مارتیودورس دایان نان" (الرهاوي المجهول، 1986، 2/ 159-، 160).

لە ڕاستیدا ئاماژە ئایینییەکان لە کتێبی مێژونوسانی سریانی تەنیا باسکردنی دوا مەنزڵگای پیرۆزی پیاوانی ئایینەکە نییە، بەڵکو ناوهێنانی بەشێکی زۆری لە شوێنە ئایینیەکان کە بریتین لە دێر و کڵێساکان لە بەشێکی زۆری شارەکانی ئەو هەرێمە، هەروەها باسیان لە گرنگی پێگەی ئایینی هەرێمەکە کردوە، تەنانەت ناوی هەندێ شاری جەزیرە وەک مەڵبەندی سەرەکی و سەرپەرشتیاری ناوچە جیاجیاکان لە کاروباری ئایینی هاتوە، لەوانەش شاری ئامەد وەک شوێنی کورسی بەتریارک لەوێوە ئەسقوفەکانی هەرێمەکە هەڵبژێردراون (مارميخائيل السرياني، 1996، 114).

شوێنکەوتوانی ئایینی مەسیحی بەتێپەڕبونی کات زۆر زیادیانکردوە، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵانی خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردەوە، وەک ئایینی هەژاران سەیردەکرا، هاتنە سەر بیروباوەڕی بێشوماری خەڵک بۆ سەر ئایینی مەسیحی هێزی زۆری بە ئایینەکە بەخشی. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە نێوان پەیڕەوانی ئایینەکە لەسەر سروشتی مەسیح و بابەتی ڕێبەریکردنی مەسیحییەکان هاتوەتە ئاراوە، (الرهاوي المجهول،1986، 2/275-281،276-282) مێژوی ئەو ناکۆکی دابەشبونە لەنێو ئایینەکە بۆ سەردەمانێکی زۆر زو دەگەڕێتەوە، سەرەتای دابەشبون لە نێو ئایینەکە لەسەر سروشتی مەسیح بو لە سەدەی چوارەمی زاینی کاتێک ئاریۆس (256-336ز) سەرۆکی پیاوانی ئایینی ئەسکەندەرییە بانگەشەی مرۆڤبونی عیسای مەسیحی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە مەسیح سروشتی مرۆڤی تێدا باڵاترە لە هی خودای (ايليا برشينايا، 1975: 67؛ملر،2003، 159) ئەمەش بوە هۆی ئاریشەیەکی مەزن بۆ پیاوانی ئایینی و خودی ئایینەکە تەنانەت خودی ئاریۆس بەدەرچو لە ئایینەکە هەژمارکرا بەتەواوی لە کڵێسا بێبەشکرا لە دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەی نیقیا لە ساڵی (325ز) (أسطيفان،2011، 19-21).

بەهۆی ئەوەی پیاوانی ئایینی بەشێکی زۆری مێژونوسانی سریانییان پێکدەهێنا، بۆیە تۆمارەکانیان زیاتر شەقڵێکی ئایینی دەنوێنن، ئەمەش وایکردوە نیشاندانی بارودۆخی ئایینی مەسیحی و شوێنە پیرۆزەکانی ئایینەکە لە هەرێمی جەزیرە، وەک خاڵێکی گرنگی دەستپێکی نوسین لای نوسەرانی سریانی دەربکەوێت لە ناوچەکە، بۆیە باسکردن لە کاروباری ئایینەکە و ئەو کێشەو ئاڵنگارییانەی ڕوبەڕوی پەیڕەوکارانی دەبونەوە هزری مێژونوسانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە، تەنانەت بەشێک لە پەرتوکەکانیان بۆ کاروباری ئایینی و کڵێسا تەرخانکردوە (الرهاوي المجهول،1986، 2/275؛ ابن العبري،2012، 2).

گرنگی و بایەخی زۆری هەرێمی جەزیرە لای سریانییەکان وەک باسمانکرد، لە خۆڕانەبو، بەڵکو هۆکارەکەی بونی بەشێکی زۆر لە مەنزڵگای پیاوانی ئایینی مەسیحی و کڵێساو دێرەکان لەو ناوچەیە ئەو پێگەیەیی پێدابو، بونی سریانییەکان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی لە شارە جیاجیاکانی هەرێمەکە، ئەو بایەخەی پترکردبو چونکە خۆیان ئاماژەیان بەوە کردوە، بەشی زۆری دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچەیە سریانەکانن،

تەنانەت شاری ڕوها وەک یەکێک لە شارەکانی هەرێمی جەزیرە بە مەڵبەند و بنچینەی دروستبونی زمانی سریانی هەژماردەکەن (دیونیسیوس التلمحري،2014، 124).

هەمو ئەو تایبەتمەندیانەی هەرێمەکە لە سەرچاوە سریانییەکان ڕەنگیداوەتەوە بەتایبەتی لەڕوی مێژوی ئاینییەوە، بۆیە ئەو ئاریشەو ناکۆکیانەی لەنێو دەستەو تاقمە جیاجیاکانی ئاینی مەسیحی ڕویدەدا لە تۆماری مێژونوسانی سریانی پانتاییەکی زۆری داگیرکردوە، هەڵبەت لە بەشێکی زۆری ئەوە لەسەر جیاوازی پلەکانی گەرما لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر و تەنانەت لە کاتەکانی شەو ڕۆژیش، بەشێوەیەکی گشتی ئەو تایبەتمەندیانەی هەرێمەکە وایکردوە، بە هەرێمێکی ئاوەدان و پڕ لە شەڕ و ململانێ ناوخۆییانەی ئاینی مەسیحی هەرێمی جەزیرە پشکی شێری بەردەکەوێت لەو باس و خواسانەی کڵێسا، بۆیە دیرۆکنوسانی سریانی لەکاتی خستنەڕوی ئەو کێشانەی لەنێوان پەیڕەوکارانی ئاینەکە ئاماژەیان بەشوێنی ململانێکە کردوە، لەم نێوەندەشدا زۆر شارو ناوچەی هەرێمی جەزیرە ناویان دێت، وەک تلمحری دەڵێ "لە حوزەیرانی ساڵی 1145 (834ز-218ک) چوین بۆ سڵاوکردن لە خەلیفە ئەبی اسحق(10). لەنوێ دانرابو، گەیشتینە نوسەیبین ئاشتەواییمان بەرپاکرد لە نێوان نەوەکانی کڵێساکەمان ساڵانێک لەسەردەمی فیلکسینوسی یاخییەوە دابەشببون .... " (2014، 97)، ڕەهاوی نادیار لە گێڕانەوەی ڕوداوەکانی ساڵی (1195ز/591ک) ئاماژەی بە سەرهەڵدانی کێشە و ناکۆکی لە نێوان کاهینەکانی(11) شاری ڕوها و ئەسقوفەکەیان کردوە (،198، 2/ 372).

تەنیا پیاوانی ئاینی لەو ناکۆکیانە بەشدارنەبون، بەڵکو خەڵکی شارەکانی هەرێمی جەزیرە ڕۆڵیان هەبوە لە کێشەکانی ئاینەکە، تەنانەت هەژمونیان لەسەرچاوە سریانییەکان دیاریکردن دانانی پیاوانی ئاینی یاخود پەسەندنەکردنی لە شارەکەیان دەردەکەوێت، لەو بارەیەوە مارمیخائیلی سریانی (1199ز/ 596ك) ململانێ نێوان خەڵکی ڕوهاو بەتریاکمان بۆ بەیاندەکا کاتێک بە فەرمی بڕیاردەدرێت باسلیۆس کوڕی شومنە لە شاری کیسومەوە(12)بگوازرێتەوە بۆ ڕوها بەلام بەتریاک ڕێگربوە، خەڵکی ڕوها پێداگیریان کردوە لەسەر دانانی باسلیۆس وەک مەترانی شارەکە دواجار خەڵکی شارەکە سەرکەوتوبون لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیان (1996،3/ 231).

ئەم ململانێیانە پاڵنەری گرنگبون بۆ مێژونوسەکان، کە بونە بەشێک لە ململانێکان هەریەکەو بەپێی لاگیری مەزهەبی و هاوهەڵوێستی لە ناکۆکی پەیوەست بە پلەوپایەی ئاینی. تا بێن لە نێو دەقە مێژوییەکانیاندا جەخت لەسەر ڕوداوەکان بکەنەوە و هەڵبدەن پاڵپشتی خۆیان بۆ ڕێباز و کەسایەتییەکان دوپاتبکەنەوە لە بەهای ڕێباز و کەسایتییە نەیارەکانیان کەمبکەنەوە.

## ب- لە ڕوی ڕەگەزی - کۆمەڵایەتی:

دوابەدوای هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان، سریانییەکان کەوتنە بەردەم ئاڵەنگاری خۆناساندن و داکۆکیکردن لە ڕەگەز و بیروباوەڕی خۆیان. بۆیە پێویستیان بەوەبو لەنێو دەقە مێژووییەکانیان هەوڵی ئەم خۆناساندنەوە و داکۆکیکردنە بدەن، تا بتوانن پێگەی کەلتوری خۆیان پتەوبکەن، لەم ڕوانگەیەوە دەبینین قسە لەسەر ڕەسەنی خۆیان و تایبەتمەندییە مێژووییەکانیان دەکەن.

مێژوی دەرکەوتنی وشەی سریان[13] زۆر کۆن نییە، بە بەراورد بە ناوەکانی کلدوئاشور، بەڵکو ئەو دەستەواژەیە لە کۆتای سەدەی یەکەم و سەرەتای سەدەی دوەمی زاینی  بۆ ئەو ئارامیانە بەکاردەهات هەڵگری بیروباوەڕی مەسیحی بون (افرام، 2002، 45 )، واتە سریانەکان ئەو ئارامیانە بون لە نیمچە دورگەی عەرەبەوە کۆچیان کردبو بۆ وڵاتی شام و نێوان دوڕوبار (دیونیسیوس التلمحري،2008، 124؛ مارمیخائیل السریاني،1996، 383)، واتە ئەو ناوە دوای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی هاتەکایەوە (ابن الاثیر، 1987، 14)، بەر لەسەر هەڵدانی مەسیحیەت ئەو چەمکە بۆ هیچ دەستە و تاقمێک بەکارنەهاتوە (افرام، 2002، 45).

ئارامییەکان لە باکوری نیمچەدورگەی عەرەبی ژیاون، دواتر لە ماوەی سەدەکانی چواردەی پێش زاین و سێزدەی پێش زاین لە نیشتمانی خۆیانەوە بەرەو سوریا کۆچیان کردوە(مارمیخائیل السریانی، 1996: 3/ 382_ 388)، بە شێوەیەک کۆمەڵێکیان لە باکوری سوریا و ناوەڕاست و چیاکانی لوبنان لە (1200پ.ز) نیشتەجێبوین، دیمەشق بوە بە پایتەختی دەوڵەتی ئارامی لە ناوچەکە و کۆمەڵێک میرنشین و بنەماڵەو دەسەڵاتی بچوک لە ناوچە و هەرێمە جیاکانی سوریا و نێوان دوڕوبار(بلاد مابین النهرین) دروست بون (عصفور، 1948، 282؛ الدبس، 1994، 1/ 32-33؛ ماراڤال، 2001، 67).

ئارامییەکان کاریگەرییەکی گەورە و فراوانیان لە مێژوی خۆرهەڵاتی نزیکدا هەبوە، چی لە ڕوی پێکهاتەی دانیشتوان یان زمان و شارستانیەتەوە، لەگەڵ نەتەوەکانی شارستانێتی میسۆپۆتامیادا پەیوەندی زۆریان هەبوە و کاریگەری بەهێز لەسەر هەردولادا دروستبوە (باقر، 2018، 258-259).

مێژونوسان لەبارەی بنەچەی سریانەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئارامییەکانن، زمانی ئاخاوتن و نوسینیان لە بەشی زۆری کڵێساکان بە زمانی ئارامی بو (غریفث،2018، 50؛ بیغولیفسکایا، 2017، 46-47)، تەنانەت بەشێک لە پیاوانی ئایینیان نازناوی ئارامی لەپاڵ ناوەکانیان دەهات کاتێک باسیان لێوەدەکرا (المرجي،1990، 100)، بەڵام چۆنیەتی دەرکەوتنی وشەی سریان و سەرچاوەی ئەو دەستەواژەیە مێژونوسانی بەسەر بیروڕای جیاواز دابەشکردوە [13](زغلول، 1975، 31).

مێژونوس فیلیب حتی لە کتێبەکەی ئاماژە بەوە دەکات، ناوی سوریا لە بنەڕەتا یۆنانانییە بەشێوەی (Shryn) دەنوسرێ، ئەو ناوە بۆ بەشی باکوری فورات بەکارهاتوە، لای بابلییەکان بە (سوری Su-ri) ناوبراوە، لە زمانی ئینگلیزی (Syrin) بۆ گشت ئەو دەستەوتاقمانە بەکاردێت کە بە زمانی ئارامی دەدوێن لە وڵاتی شام و نێوان دوڕوبار، وەک دەستەواژەیەکی ئایینی و شوێنکەوتەی کڵێسای سوری، ناوی سیروس لای یۆنانییەکان واتە تێکڕای ئەوانەی بەسریانی دێنەگۆ (1951، 1/ 63-64)، بەڵام بەشێک لە توێژەران دژی ئەو جۆرە ناولێنانەی یۆنانینەکانن لەبری ئارامی پێیان دەڵێن سریان، چونکە پێیان وایە ناوی سریان لەبری ئارامی گونجاو نییە و ناوێکی باش نییە بەو پێیەی ناوی سریان لە سوروس ئەو کەسەی برای خۆی کوشتو دەستی بەسەر وڵاتی سوریادا گرت، بۆیە ئەو توێژەرانەی دەڵێن ئێمە ئارامیین (افرام، 2002، 47).

سەرچاوە ئیسلامییەکان تەنیا ئاماژەیان بە ناوی سریانەکان کردوە، خۆیان بە ناوی سریان و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ناوەکە سەرقاڵ نەکردوە (المسعودی، 2005، 1/ 158؛ القلقشندي، 1992، 1/ 308).

لەگەڵ بونی بۆچونی جیاواز لە بارەی ناوی سریان و چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو ناوە، بەڵام ئارامییەکان بەشی زۆری دانیشتوانی سوریا و وڵاتی نێوان دوڕوبار بەشی ئاسیای بچوک پێکدەهێنن، دوای بونیان بە مەسیحی بە سریان ناونران (دوفال، 1992، 21-22؛ ساكا، 2007، 27-28)، سەرچاوە سریانییەکان بە شێوەیەکی فراوان باسی کۆمەڵگەی سریانی لە هەرێمی جەزیرە، تەنانەت خۆیان بە دانیشتوانی ڕەسەنی هەرێمەکە لە قەڵەم دەدەن، وەک دیونیسیوس تلمحری دەڵێ" دڵنیاین سریانەکان دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەی ڕۆژئاوا و نەوەی جەزیرە و نێوان دوڕوبارن، ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی فورات نیشتەجێن، شاری ڕوها بنچینە و دامەزرێنەری زمانی سریانییە" (2014، 124-125)، بۆیە دیدی مێژونوسانی سریانی بۆ هەرێمی جەزیرە گرنگی و بایەخی پێگە کۆمەڵایەتیەکەیەتی لەپاڵ پیرۆزی ئایینی، هەروەها مکوڕبونیانە لەسەر ئەوەی سریان دانیشتوانی ڕەسەنن، لەم بارەیەوە میخائیلی سریانی دەڵێت "دانیشتوانی ڕۆژئاوای فورات بە فەرمی پێیان دەگوترێ سریان" (1996، 186).

بە خوێندنەوەی ناواخنی ئەو ڕوداوە مێژوییانەی سەرچاوە سریانییەکان تۆماریانکردوە، دەبینین باسکردن لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی جەزیرە لای توێژەرانی سریانی زیاتر خۆی لە خستنەڕوی پێکهاتەی سریانەکان دەبینێتەوە، بەشێوەیەک دوای ئەوەی موسڵمانان دەستیان بەسەر ناوچە جیاجیاکانی هەرێمەکە گرت، وێنایەک لە سەرچاوە سریانییەکان دێتە بەردیدە کە بریتییە لە بارودۆخی خراپی خاوەن زەوی و زار و دانیشتوانی هەرێمی جەزیرە تاڕادەی ناچارکردنیان بە سەپاندنی باج و سەرانەی زۆر لە پێناو دەست گرتن بەسەر ئەو موڵکانەی خاوەنەکانیان لە پێکهاتەی سریانن(دیونیسیوس التلمحري، 2008، 126-128).

بەشێکی زۆر لەو ڕوداوە مێژووییانەی دیرۆکنوسانی سریانی لە پەرتوکەکانیان ئاماژەیان بۆ کردوە، وابەستەی ئەو ڕەوشە جیاوازانەیە بەسەر پێکهاتەی سریانەکان لە هەرێمی جەزیرە داهاتوە، ڕەهاوی نادیار لە تۆمارە مێژووییەکەی بەشێوەیەکی فراوان لەسە ئەو نەهامەتیانەی بەسەر شاری ڕوها و بەتایبەتی سریانەکاندا داهاتوە کردوە (1986. 2/ 93،-98، 145،-152)، ئەو کوشتارەی بەسەر دانیشتوانی شاری ڕوها دا هاتوە لە کاتی گەمارۆدان و گرتنی شارەکە لەلایەن عمادەدین زەنگی لە ساڵی (539ک/1144ز) کاریگەری لەسەر ڕەهاوی داناوە بە جۆرێک لە تۆمارەکەی وێنای کوشتاری شارەکەی بەشی زۆری دانیشتوانەکەی سریانەکانن کێشاوە دەڵێت: "ئای لەو دیمەنە جێگەی بەزەیی و ترسە..." (1986، 149/2)، ڕەنگە هۆکاری ئەو شێوازە باسکردنە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، ڕەهاوەی نادیار لە ڕوها لە دایک بوبێت (برصوم، 1976، 403)، بەڵام نابێ ئەوە لە بیربکەین ئەو شارە بنکەی سەرەکی و گەشەسەندنی زمانی سریانییە لە هەرێمەکە (ديونيسيوس التلمحري، 2008: 125)، هەروەها جۆرێکە لە ئازارکێشانی مێژونوسانی سریانی بۆ هاوئایین و نەتەوەکەیان.

## 3- لەڕوی ڕۆشنبیرییەوە:

کۆمەڵگای سریانی کاریگەری گەورەیان لە دەوڵەتی ئیسلامی لە گشت لایەنەکانی گەشەسەندنی وڵات هەبو، ئەمەش بە هۆی ئەوەی سریانەکان پاشخانێکی کەلتوری و ڕۆشنبیری هەمەلایەنیان هەبو لە هەرێمی جەزیرە(طعمة،2019، 19-20)، وەک لە پێشوتردا ئاماژەمانپێکرد، خاوەن قوتابخانەی ئایینی و ڕۆشنبیری بون، بە تایبەتی هەردوشاری نوسەیبین ولە دواتریش ڕوها، ڕۆڵیان لە برەودان بە کایە جیاوازەکانی زانست و زانیاری لەهەرێمەکە هەبو، بەتایبەتی ئەزمون و شارەزاییان لە کەلتوری یۆنانی هەبوە (قنواتي،1984، 75-75).

ئەو پێگەو بایەخەیی هەرێمی جەزیرە لە گۆشەنیگای مێژونوسانی سریانی تەنیا خۆی لە بونی پێکهاتەی سرییانەکان لە شارو دەڤەرەکانی هەرێمەکە نابینێتەوە، بەڵکو لە پاڵ پیرۆزی ئایینی، ناوچەکە مەڵبەندی گەشەسەندن و بنیاتی خودی زمانی سریانییە، بەو مانایەی لانکەی برەوسەندنی زمانی دایکە، بەتایبەتی شاری ڕوها (ديونيسيوس التلمحري، 2014، 125)، لەگەڵ ئەوەش دەڤەرەکە ناوەندێکی بازرگانی بو، چونکە شاری ڕوها بەردەوام هاتوچۆ و جموجۆڵی بازرگانی لەگەڵ شارو ناوچەکانی حدیاب لە ڕێگای نوسیبینەوە هەبو، لەم نێوەندەشدا جولەکەکان ڕۆڵی باڵایان بینی لە ئاڵوگۆڕکردن و برەودان بە لایەنە هزرییەکان، چونکە ئەوان لە سەدەی یەکەمی زاینی دەسەڵاتداری ناوچەی حدیاب بون (سيغال،1988، 39).

لەو بارەیەوە ئیلیا برشینایا لە گفتوگۆکانی لەگەڵ وەزیر ئەبی قاسمی مەغریبی لە یەکێک لەو دانیشتنانەیان لە شاری نوسەیبین، ناوبراو ئاماژە بە دەوڵەمەندی زمانی سریانی و کاریگەری لەسەر زمانی عەرەبی دەکات و زمانی سریانی بە دەوڵەمەندتر دادەنێ تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات عەرەب کەڵکیان لە زمانی سریانی وەرگرتوە، تەنانەت باس لە وەرگرتنی هەندێ زانستی تایبەت بە سریانەکان دەکات لە لایەن عەرەبەکان، بەڵام سریانەکان هیچ زانستێکی عەرەبیان وەرنەگرتوە (2011، 96–98).

هەریەک لە هۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کاریگەری گەورەیان لەسەر ئاراستە و شێوازی نوسینی مێژونوسانی سریانی هەبوە، چونکە بەشێکی زۆر لە دیرۆکنوسانی سریانی لە پیاوانی ئایینی بون، ئەمەش لە تۆمارەکانیان ڕەنگی داوەتەوە، بەهۆی ئەوەی هەرێمی جەزیرە پێگەیەکی گرنگی ئایینی هەبو، هەرزو ئایینی مەسیحییەت تێیدا بڵاوبوەوە، بە بنکەیەکی پیرۆزی ئایینی و لە چوارچێوەی خاکی پیرۆز سەیردەکرا، (بارکر،د.ت: 16،–17)، هەروەها بەشێک لەو مێژونوسانە خۆیان لە هەرێمە جەزیرە لە دایکبوین، هۆکارێکی سەرەکی بو بۆ ئەوەی ئەوان بایەخ بەو ڕوداوانە بدەن لە ناوچەکە دێنە ئاراوە بە تایبەتی ئەو باس و خواسانەی پەیوەندی بە مەسیحییەکانەوە هەیە، لە ناوچەکەدا بە ڕێژەیەکی زۆر بونیان هەبو (کاهن، 1995، 27،–28). ئەوانیش بە پێویستیان زانیوە، وەک ئەرکێکی ئایینی، زانیارییەکانی و ئەو ڕوداوانەی بەسەریاندا هاتوە، لە نێودەقە مێژوییەکاندا تۆماربکەن.

## ئەنجام

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کە:

1.–هەرێمی جەزیرە، وەک یەکێک لە گرنگترین ئەو هەرێمانەی بەپێی دابەشکاری سنوری و کارگێری لەسەرچاوە ئیسلامییەکان دادەنرێت، و لەلایەن شارناسانی ئیسلامی بە تەواوی سنورە جوگرافییەکەی

دیاریكراوە، بەڵام سەرچاوە سریانییەكان لەگەڵ ئەو هەمو بایەخەی لە تۆمارەكانیان ڕەنگی داوەتەوە، سنور و شارەكانیان دیاری نەكردوە، بەڵكو زیاتر بە هەردو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای فورات دەناسرێت.

2.-هزری مێژونوسانی سریانی، زێتر كار لەسەر ڕەوشی ئایینی كە خۆی لە شوێنە ئایینیەكان وەک دێر و كڵێسا دەكات، نەک لەسەر خودی شارەكان و سنوری هەرێمەكە، بەبەراورد بە سەرچاوە ئیسلامییەكان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ناساندنی شار و دیاریكردنی هەرێمەكان لای بەشێک لە مێژونوسانی ئیسلامی وەک پیشەی لێهاتبو، زیاتر بە كتێبە جوگرافییەكان دەناسێنران، بۆیە سنوری جوگرافی هەرێمەكە لە تۆماری مێژونوسانی سریانی جۆرێک لە ناڕونی پێوەدیارە.

3.-مێژونوسانی سریانی لە ڕوانگەیەكی ئایینییەوە دەڤەر و شارەكانی هەرێمەكە دەناسێنن، بۆیە لەگەڵ باسكردنی ناوچە جیاوازەكانی هەرێمەكە، ناوی ژمارەیەک لە دێرو كڵێسای سریانییەكان دەهێنن، هەڵبەت بەهۆی ئەوەی مێژونوسانی سریانی لە زانایانی ئایینی بون، بۆیە هەرێمەكە بەتەواوی وێنایەكی ئایینی سریانی وەرگرتوە.

4. لە دیدی دیرۆكنوسانی سریانی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەكە، سریانییەكانن، ئەوان خاوەن خاک و نیشتمانن، بۆیە زیاتر لەسەر ئەو بابەتانە دەدوێن كە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە سریانەكانەوە هەیە.

5. ئەو ڕوداوە سیاسی و كردە سەربازیانەی لە ناوچە جیاوازەكانی هەرێمەكە ڕویانداوە، كە كاریگەری بۆ سەر ڕەوشی ئایینی و كۆمەڵایەتی، بە تایبەتی پێكهاتەی سریان، كاری كردوەتە سەر مێژونوسانی سریانی لە بارەیانەوە دواون.

6.هەرێمەكە لە فەرهەنگی سریانی وەک بنكەی سەرەكی و گەشەسەندنی زمانی سریانی سەیركراوە، بە تایبەتی شاری ڕوها.

# The importance of Jazeera Rigin in syriac sources

**zardasht dlshad khudhur[1] - Haidar lashkry khzr[2] - Mahdi salh farhan[3]**

[1+2]History Department, faculty of education, Koya University, Kurdistan Region, Iraq

[3]History Department, faculty of humanities, Zaxo university, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

This study is concerned with the position and the importance of Jazeera region in Syriac texts by shedding light on the geographic border in Islamic sources and making a comparison with Syriac sources. The different names by Syriacs historians was according to their mind, the weight of the region has reflection in the Syriac sources and records. Undoubtedly, most of the Syriacs historians had lived in that region, and they were witnesses of the most events, which consists of political and religious events. All the changes which have been brought about in the region have had direct impact on representing the social condition.

Most of the population of the region are Syriacs in the Syriac records and writings, that is why the Syriacs are considered as the original people of the region. In addition, the region has been pictured as a main center of Christian religion, Syriac language and culture, as most of the Syriacs historians were religious men, all of their writings were composed with religion. They show more religious conditions of the region in the Islamic authority framework, they refer to many names of the Christian Churches in the region .

**Keyword:** Syriacs historians, Jazeera region, holy religion, Church, Syriacs.

# سەرچاوەکان


إبن الأثير، عزالدين علي بن محمد الجزري . (د.ت)، التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية، تحقيق، عبدالقادر احمد طليمات دارالكتب الحديثة، القاهرة.

برشينايا، أيليا.(1975م)، تاريخ أيليا برشينايا، ترجمة،يوسف حبي، مجمع للغة السريانية، بغداد.

برشينايا، أيليا، (2011م)، مجالس مارأيليا برشينايا، دار تموز, ديمشق.

ابن الجوزي، أبو الفرج عبدالرحمن بن علي. (1992م)، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم، تحقيق، محمد عبدالقادر عطا و مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن حوقل، أبو القاسم محمد بن حوقل النصيبي. (1938م)، صورة الأرض، مطبعة بريل، ليدن.

ابن خلكان، أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد. (1978م)، وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، تحقيق: أحسان عباس.

دار صادر، بيروت.

ديونيسيوس تلمحري.(2014م)، رحلات البطريرك ديونيسيوس التلمحري، تحقيق، تيسير خلف، دارالسويدي، ابو الظبي.

الرهاوي المجهول.(1986م)، تاريخ الرهاوي المجهول، ترجمة، البير أبونا، شفيق، بغداد.

السيوطي، جلال الدين بن عبدالرحمن بن ابى بكر. (2003م)، تاريخ الخلفاء، دار ابن حزم، بيروت.

ابن العبري. (2012م)، التاريخ الكنسي الابن العبري، ترجمة: صليبا شمعون، دار المشرق الثقافية، دهوك.

ابن عبدربه. احمد بن محمد بن عبدربه الاندلسي. (1983م)، العقد الفريد، تحقيق، عبدالمجيد الترحينى، دارالكتب، لبنان.

أبوالفداء، اسماعيل بن علي بن منصور. (1830م)، تقويم البلدان، تحقيق، رينود وماك كوكين ديسلان.دار الطباعة السلطانية، باريس.

القزويني، زكريا بن محمد بن محمود. (د.ت)، أثار البلاد و أخبار العباد، دارصادر, بيروت.

القلقشندي، أبو العباس أحمد بن علي. (1992م)، صبح الاعشى في صناعة الأنشا، المطبعة الأميرية، القاهرة.

المرج،توما. (1990م)،الرؤساء، ترجمة، البير ابونا ، ديانا، بغداد.

المسعودي، أبو الحسن علي بن الحسين بن علي. (2005م)، مروج الذهب ومعادن الجوهر، تحقيق، كمال حسن مرعي. المكتبة العصرية، بيروت.

المقدسي، أبو عبدالله محمد بن احمد (1991م)، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، مكتبة مدبولى، القاهرة.

مارميخائيل السرياني، ايشوع بن ايليا أل قنداسي. (1996م)، تاريخ مار ميخائيل السرياني، ترجمة، غريغوريوس صليبا شمعون. دارماردين، حلب.

ابن الفقيه، احمد بن محمد بن اسحاق بن ابراهيم الهمذاني.(1885م)، مختصر كتاب البلدان، بريل.

ابن واصل، جمال الدين محمد بن سالم. (1957م)، مفرج الكروب في اخبار بنى أيوب، تحقيق، جمال الدين الشيال.دارالقلم، القاهرة.

ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي. (1977م)، معجم البلدان، دارصادر، بيروت.

أبونا، ألبير. (2007م)، تاريخ الكنيسة السريانية الشرقية، دار المشرق، بيروت.

أبونا، ألبير.(د.ت)، شهداء المشرق، دارالمشرق،بيروت .

اسطيفان، نجيب.(2011م)، صراعات الكنيسة و سقوط القسطنطينية، التكوين، سوريا.

افرام، ابلحد. (2002م)، من هم...الكلدان.. الاشوريون..السريان، هاوار، دهوك.

باركر، ارنست. (د.ت)، الحروب الصليبية، ترجمة ، السيد الباز العريني، دار النهضة العربية، بيروت.

باقر، طه.(1973م)، مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمة، الحوادث، بغداد.

برصوم، افرام. (1940م)، الدررالنفيسة فى مختصر تاريخ الكنيسة، سلامة، سوريا.

بيغوليفسكايا، ن.ف. (2017م)، التراث السريانى فى القرون الوسطى، ترجمة، حسان مخائيل اسحق ، دار الفرقد، سورية.

الجنزوري، علية عبدالسميع. (2001م)، إمارة الرها الصليبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

الحارثي، عبداللة بن ناصر بن سليمان. (2007م)، الأوضاع الحضارية في اليم الجزيرة الفراتية في القرنين السادس و السابع الهجرة الثانى عشر و الثالث عشر الميلاد، تحقيق، سعيد عبدالفتاح عاشور ، دار العربية الموسوعات، بيروت.

حبي،يوسف. (2001م)، كنيسة المشرق الكلدانية- الاشورية، دار المشرق، بيروت.

حتي، فيليب. (1951م)، تاريخ سورية و لبنان و فلسطين، ترجمة، جورج حداد و عبدالكريم رافق ، دار الثقافة، بيروت.

الدبس، يوسف. (1994م)، تاريخ سورية الدينوي و الديني، دار نضير عبدو، سورية.

دوسلييه، الأن، (2014م)، مسيحيو الشرق والإسلام في العصر الوسيط، ترجمة، رشا الصباغ و رندة بحث ، دار الساقي، بيروت.

دوفال، روبنس. (1992م)، تاريخ الادب السرياني، ترجمة، لويس قصاب، منشورات مطرانيه السريان الكاثوليك، بغداد.

زغلول، شحات السيد. (1975م)، السريان الحضارة الاسلامية، الهيئة المصرية، الاسكندرية.

ساكا، اسحق. (2007م)، كنيستى السريانية، دارالصادر، بيروت.

ابوالسعود، صلاح (2015م)، الحضارة البيزنطية، التكوين، سوريا.

سيغال، ج.ب. (2000م)، الرها المدينة المباركة، ترجمة، يوسف ابراهيم جبرا، دار الرها، حلب.

شير، ادي. (1912م)، تاريخ كلدو وأشور، الكاثوليكية الاباء اليسوعين، بيروت.

طعمة،جان خليل. (2019م)، السريان جذورهم وانتشارهم، دار النهضة، بيروت.

عبدة، سمير. (2002م)، السريانية – العربية الجذور والامتداد، دار علاء الدين، سورية

عصفور، محمد ابومحاسن. (1948م)، معالم تاريخ الشرق الادني القديم، مصرية، مصر.

عمران، محمود سعيد. (2000م)، معالم تاريخ الامبراطورية البيزنطية، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

العزاوي، عبدالرحمن حسين. (د.ت)، التاريخ والمؤرخون في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق.

غريفث، سيدني.(2018م)، الكنيسة في ظل المسجد، ترجمة، هشام شامية ، المركز الاكاديمي للابحاث، بيروت.

قنواتي،جورج شحاته.(د.ت)، المسيحية الحضارة العربية، مؤسسة العربية للدراسا و النشر، بيروت.

كاهن، كلود. (1995م)، الشرق و الغرب زمن الروب الصليبية، ترجمة: احمد الشيخ ، سينا، قاهرة.

لسترنج، كي. (1985م)، بلدان الخلافة الشرقية، ترجمة: بشير فرنسيس و كوركيس عواد ،مؤسسة الرسالة، بيروت.

ماراڤال، بيار.(2001م)، المسيحية عبر التاريخها في المشرق، مجلس كنائس في المشرق، بيروت.

مؤنس، حسين. (1987م)، اطلس تاريخ الإسلام، الزهراء اللإعلام العربي، القاهرة.

ملر، اندرو.(2003م)، مختصر تاريخ كنيسة، المهتدين، الاسكندرية.

توفیق، زرارسدیق. (2013ز)، کوردو کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ڕۆژهەلات، هەولێر.

حسين، قادر محمد. (2020ز)، کورد لە هەرێما جزیرێ فراتی، سەنتەرێ ڤەکۆلینێن زاخو.

Payne, Richarde .(2014), Astate of Mixture, Amric,University of cali fornia rress.

Weltecke, Dorthea. (2010), Patriarch Michael, The anonymous Chroniclr AD 1234, and Bar Ebroyo, in the Teule, Herman, The syriac renaissance, leuven: peters.

---

## پەراوێزەکان:

1. میافارقین، یەکێکە لە بە ناوبانگترین شارەکانی هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی دیاربکر، لە نێوان دیجلەو فورات، (یاقوت الحموي، 1977، 236/5-؛ لسترنج، 1985، 143-، 145). لە ئێستادا قەزایەکە سەربە پارێزگای دیاربەکرە، ناوەکەی گۆڕاوە بە تورکی پێی دەگوترێت سیلڤان.

2. مەلاتیە، شارێکە دەکەوێتە ڕۆژئاوای فورات لە وڵاتی ڕۆم، هەندێجار بە یەکێک لە شارەکانی هەرێمی جەزیرە هەژمارکراوە، (ابن حوقل، 1938، 212؛ ابی الفداء،1830، 385). ئێستا سەر بە کۆماری تورکیایە.

3. تکریت، شارێکی بەناوبانگە، کۆتا شاری جەزیرەیە، لە بەشی ڕۆژئاوای ڕوباری دیجلە دەکەوێتە نێوان بەغدا و موسڵ. (یاقوت الحموي، 1977، 2/ 38- 39 ابی الفداء، 1830، 288).

4. هیت، شارێکە لە شارەکانی عێراق، لەسەر ڕوباری فورات، لە سنورەکەی هەرێمی جەزیرە کۆتای دێت (ابی الفداء، 1830، 298).

5 سروج، شارێکە لە نزیک حەڕان، دەکەوێتە هەرێمی جەزیرەی فوراتی (یاقوت الحموي، 1977، 216/3). لە باکوری سوریا هەڵکەوتوە لە ئێستادا سەر بە پارێزگای ئورفەیە بەشێکە لە خاکی تورکیا.

6. ئامەد، شارێکە لە هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای ڕوباری دیجلە کە وەک کەوانەیەک دەوری داوە، ئەو شارە بە شورا بە هێزەکانی ناوی دەرکردوە (یاقوت الحموي، 1977، 1/ 56؛ لسترنج، 1985، 141).

7. قوستەنتین: بە یەکێک لە بەناوبانگترین ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمانی دادەنرێت، بە قوستەنتینی گەورە ناوی دەرکردوە، لە ساڵی (306ز) لە دوای قستنتیوسی کلوروسی باوکی هاتۆتە سەر دەسەڵات، لەماوەی فەرمانڕەوای کۆمەڵێک کاری مەزنی ئەنجامداوە، گرینگترینیان ناساندنی ئایینی مەسیحی لە (313ز) بەگوێرەی مەرسومی میلان، ناوبراو لە (337ز) کۆچی دوای کردوە (عمران، سليم،1999، 161،-162؛ السعود، 2015، 23 ،-30).

8. حەڕان: یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی هەرێمی جەزیرە، دەکەوێتە سەر ڕێگای موسڵ و شام و ڕۆم (ياقوت الحموي،1977، 235/2؛ لسترنج، 1985، 134). لە ئێستادا بەشێکە لە خاکی تورکیا

9. مەبەست لێی خەلیفە موعتصم باللە(218_227 ک)یە، هەشتەم خەلیفەی عەباسی (السيوطي، 2003، 264).

10. کاهین: پلەیەکی ئایینیە لە کلێسا، کاری ئەوکەسە ئەنجامدانی قوربانی و نوێژکردنە بەناوی ئیمانداران (اليسوعي ،1998: 405).

11.کیسوم: شارۆچکەیەکە سەر بە شاری سمیساتە، (ياقوت الحموي،1977: 4/ 497؛ مؤنس،1987، 301) دەکەوێتە باکوری کوردستانی ئێستا.

12. سریان: بەشێک لە توێژەران ئەو وشەیە وابەستەی ناوی ئاشور دەکەن، بەڵام هیچ بنەمایەکی نییە، چونکە تایبەت نەبوە بە هیچ پێکهاتەو و ڕەچەڵەکێکی دیاریکراو بەڵکو دوای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی بەوانە دەگوترا سریان کە لەسەرئایینی مەسیحی بون بۆ جیاکردنەوەیان لە ئارامیی و کلدان و ئاشورە بتپەرستەکان (شير، 1912: 203/2)، واتە بنەڕەتی وشەکە بۆ ناوی ئاشور یان أثور ناگەڕێتەوە، بۆچونێکی ترهەیە، ناوی سریان دەگەڕێننەوە بۆ سوریا ئەویش لە سوروس یان سوریوس سەرکردەی سوپای ئارامییەکان وەرگیراوە، پێش پێغەمبەر موسا دەرکەوت، دەستی بەسەر وڵاتی شام داگرت، خەڵکەکەی ناونران سورسیین دواتر پیتی (س) لابرا بون بە سورییەکان و ناوەکە گۆڕا (افرام، 2002، 46؛ طعمە، 2019، 15؛ عبده، 2002، 18؛ حتي، 1951، 1/ 63).

13. نسیبین: شارێکە لە هەرێمی جەزیرە، کێڵگە و داری زۆری تێدایە، ژمارەیەکی زۆر لە دێری مەسیحییەکان لەم شارەیە (ابن حوقل،1938: 1/ 211).